# کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا

# گفتوگۆیەک لەگەڵ لێکۆڵیاری سیاسی د. بورهان یاسین

سازدانی: سامان محەمەد

سەبارەت بە کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا، ڕۆژنامە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ د. بورهان یاسین، لێکۆڵیاری سیاسی ئەنجامداوە



**ڕۆژنامە: بە بڕوای ئێوە کێشانەی نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی بەغدا چینو لە چییەوە سەرچاوە دگرن؟**

*کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت وەکو مەفهوم وایدەبینم کورد بە لاوازیی چوو بۆ بەغدا بۆ دروستکردنەوەی عێراق دوای سەدام، ئەوە نەک هەر لە ڕووخانی دوای سەدامەوە، بەڵکو زۆریش پێش ئەوە بەتایبەتی لە کۆنفرانسی لەندەن ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ئەو داواکاریانەی کورد کردیە ناو گفتوگۆوە، ئەو بەڵگەنامانەی کە دەرچوون لە ڕاستیدا بەرامبەری ئەوە نەبوو کە ئەو دەسەڵاتەی کورد بەدەستییەوە بوو، چونکە جوگرافیاو حکومەتو پەرلەمانو کەسایەتییەکی هەبوو کە لەناو ئەدەبیاتی سیاسی بەتایبەتی ئەکادیمییەکان لە جیهان، هەتا سیاسییەکان کە ناوی کوردیان دەبرد، وەک دەوڵەتی ئەمری واقیع، بەداخەوە ئەمانە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێک دانیشتن کە هەزار چەکداری نەبوو لەناو خاکی عێراقدا، بەڵام کورد دەوڵەتی ئەمری واقیعی هەبوو، بە بڕوای من سەرچاوەی کێشەکان هەتا بەرلەوەی بچینە ناو دەستوورو پرۆسەی سیاسیشەوە، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەسەر بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی چوو لەگەڵ عەرەبدا قسەی کرد، ئەو فیدراڵییەی کە ئێستا بڕیاردراوە لە ڕەشنووسی دەستووردا، زۆر زیاتر نییە لە ئۆتۆنۆمی بگرە هەندێک کەمتریشە لە ئۆتۆنۆمی، بە بۆچوونی من کورد لەسەر مەفهومێکی کۆن بۆ حاڵەتێکی تازە ڕۆشت، لەبەرئەوەی کورد لەسەر مەفهومێکی کۆن مامەڵەی لەگەڵ حاڵەتێکی تازە کرد، دەرهاوێشتەکەی بوو بە شتێکی کۆن، دەرهاوێشتەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەتایبەتی دەستوور، دەرهاوێشتەی بۆچوونێکی کۆنە کە لە ئۆتۆنۆمی تێناپەڕێت.

**ڕۆژنامە: بۆ کورد لە ئۆتۆنۆمی تێناپەڕێت؟**

*ئەو کێشانەی کە کاتی خۆی لە بەیاننامەی ١١ی ئادارادا دواخران، ئەو بەیاننامەیەی کە لەنێوان حکومەتی بەغداو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ئیمزاکرا، کێشە ئەساسیو بنەڕەتییەکان دواخران، یەک لەوانە مەسەلەی جیاکردنەوەی سنوورو کەرکوک لەگەڵ سەرچاوە سرووشتییەکان، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی یەکسانی دابەشبکرێت لەناو عێراقییەکاندا، ئێستا ئەوەی لە ڕەشنووسی دەستووری عێراقدا هاتووە، زۆر لەوە تێپەڕناکات، کێشەی کورد لەسەر نەوتو غازو هتد.... لە بڕگەیەکی دەستووردا هاتووە ئەو مافە نادات بە کورد کە کورد دواجار خوێندنەوەی خۆی بۆ کردووە، دواتریش کێشەی سنوور هەتاوەکو ئێستاش لە دەستووردا نەبڕاوەتەوە، دواخراوە بۆ کاتێکی نادیار، لە ڕاستیدا کێشەی سنوور لە دەستووردا بە ناویش نەهاتووە، ئەوەی کە ناوی هاتووە بڕوابوونە بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم تا ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/١٩ لەو ناوچانەی هەر ڕۆژێو دەسەڵات هەبووە، تا ئەو جێگەیە باوەڕ بە دەسەڵاتی کوردی دەکرێت، بەپێی دەستوور یەک مەتر لەو ناوچانە بێتە پێشەوە، ئەوا تەجاوزی کردووە، کەواتە «کورد بۆ خۆی تەڵەی بۆخۆی دانا، یان چاڵێکمان هەڵکەندووە کە ئێستا تێکەوتووین».

**ڕۆژنامە: بە بڕوای تۆ سەرکردایەتیی کورد ئێستا دەتوانێت خۆی ڕزگاربکات لەو قەیرانانەی کە ئێوە ئاماژەتان پێدا، یان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە چی بکات؟**

* بۆ ڕزگاربوون لەو چاڵەی کە تێکەوتووین بۆ هەندێک شت زۆر درەنگە، بۆ نموونە ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠٠٤ کە ئەوکاتە پێگەی کورد زۆر بەهێزتر بوو، کە من بەو وەختە دەڵێم: زەمەنی کوردی بوو، زەمەنی کوردی لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق بە بۆچوونی من بەسەرچوو، ئێستا زەمەنی بەهێزبوونەوەی حکومەتی عێراقی دەستی پێکردووە، زەمەنی سەرهەڵدانەوەی تێگەیشتنێکی سەنتەرێکی بەهێز کە مالیکی لە ڕۆژانی دوایدا نایشارێتەوە، ئەگەر هەندێک موفاجەئەی خێرا لە عێراق ڕوونەدات، ئێستا زۆر درەنگە، ئەوەندەش درەنگە کە سەرکردایەتیی کورد لەوە دەترسێ ئەوەی لە دەستووریشدا بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوەشی لەدەست بچێت، من لە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە ئەوەم وروژاندووە لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسیو ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر، کە عێراق دەوڵەتی کودەتای سەربازی دەبێت، ئەو کودەتا سەربازییە هەروا لە کولتووری عێراقدا ناسڕێتەوە، ئەوەتا هەموومان دەبینین ماوەیەکە هەوڵدانی کودەتا سەریهەڵداوەتەوە، ئەوەتا لەئاستی سەرکردایەتیی دەسەڵاتدارانی بەغدا باس لە ڕوودانی کودەتایەکی سەربازیی دەکەن کە ڕووبدات.

**ڕۆژنامە: هیچ دەرگایەکی موفاجەئە ماوە بۆ ئەوەی کورد وەک کارتێکی فشار بەرامبەر حکومەتی بەغدا بەکاری بهێنێت؟**

* ئەگەر حکومەتی عێراق ڕێکنەکەوت لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ڕێککەوتننامەی ستراتیژی، ئەوکات کورد دەتوانێت ئەو هەڵە بقوزێتەوە کە دەرگای خۆی بخاتە سەرپشت بۆ ئەمریکا، ئەوانیش لەوە دەچێت ئەو بیناسازییەی ئێستا هەیە بیگۆڕن بەشێوەیەکی دیکە، لەشێوەی پەرلەمانییەوە بۆ ئەساسی کودەتای بینا دەکرێتەوە لەبەرئەوە کراوەیە،

> **زەمەنی کورد لە پرۆسەی سیاسیی لە عێراق بەسەرچوو،**
> **ئێستا کاتی بەهێز بوونی حکومەتی عێراقییە،**
> **کورد لە دەستووردا خۆی تەڵەی بۆ خۆی داناوە**

ئەگەر موفاجەئەیەکی سیاسی لە بەرژەوەندیی کورد بەشێوەیەکی جدیی کە ڕێککەوتنی ئەمنی ستراتیژی دوورخایەنی لەگەڵ ئەمریکا مۆربکات، ئەوە دەرگای سیناریۆ بەرامبەر بە کورد دەکاتەوە، ئەوەی کە من سێ ساڵ پێش ئێستا ناوم لێنابوو هەڵبژاردنی کۆریای باشوورو لەدەستدانی کۆریای باکوور، هەڵبژاردنی کوردستانو مامەڵەکردنی بەشێوەیەکی دیکە کە ئەوەی من پێشتر پێموتووە دوو سیاسەت بۆ دوو حاڵەت، ئەوەی ئێستا ئەمریکا کردوویەتی یەک سیاسەت بووە بۆ دوو حاڵەت، یەک سیاسەت بۆ عێراقی عەرەبی هەمان سیاسەت بۆ کوردستان، سیاسەتێکیان بۆ کوردستان کە ئامادەیە ڕێککەوتننامەیەکی ئەمنی مۆربکات، ئامادەیە بنکەی سەربازیی بکاتەوە، ئامادەشە دووریش بڕوات لەو ڕێککەوتننامەیە، بەڵام عێراقی عەرەبی ئەوە ناکات، کە ئەو موفاجەئەیە ڕوویدا، ئەوا کێشەکان بە لایەکی دیکەدا دەڕوات کە سەرکردایەتیی کورد هەرگیز چاوەڕێی ناکات، ئەوکات گیانی سیاسیی کورد لەو چوارچێوە دەستوورییە دەردەچێت، چونکە ئەمریکییەکان باش دەزانن کورد ناتوانێت داوای دامەزراندنی بنکەی سەربازیی بکات لە کوردستان وەکو کوردستان، بەڵکو دەبێت وەک عێراق داوا بکات بە حکومی ئەوەی کوردستان بەشێکە لە عێراق.

**ڕۆژنامە: ڕێککەوتننامەی ئەمنیی ستراتیژی نێوان عێراقو ئەمریکا تا چەند لە بەرژەوەندیی کوردە کە پاڵپشتی لێدەکات، بەڵام هەندێک لە لایەنی شیعەو سوننەکان تا ئێستاش دەیانەوێت ئەو ڕێککەوتنە بە بنبەست بگات؟**

* پێم سەیرە کورد بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە باسو خواس لەسەر ئەو بابەتە دەکات، سەرکردایەتیی کورد بەبێ ئاگاداریو بە پاڵدانێکی سەیرەوە کێشەکانی بە ئاقارێکدا بردووە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە بەغدان کە ناسنامەی کورد هەڵدەگرن، بەڵام لە خزمەتی دەوڵەتی عێراقدان، وەزیفەی عێراقییان هەیە تاوەکو وەزیفە کوردی، ئەو کوردانەی کە لە بەغدان کێشەکانیان بەلایەکدا پاڵداوە کە کورد دووجار زەرەر دەکات، یەکەمیان ئەوەیە لە دەقی ڕێککەوتنی ئەمنیی ستراتیژی نێوان عێراقو ئەمریکا ئەگەر بکرێت، من لەوە دەترسم بگاتە ئەو ئاستەی وەک پەیمانەکەی ١٩٣٠ی نێوان عێراقو بەریتانیا، کورد پەراوێز بکات، دووەمیان ئەوەیە بەوشێوە ئاشکراو ئیجابیی ڕوانینەی ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان عێراقو ئەمریکا، کورد دەخاتە زاویەی غەزەبەوە بەرامبەر بە عەرەب، چونکە عەرەب، کورد تاوانبار دەکات بە فرۆشتنی عێراق، عەرەب دەڵێت: ئەوانەن عێراق پاڵدەدەن بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان عێراقو ئەمریکا کە عێراق تێیدا زەرەرمەندە، ئێمەش وەک کورد دوو زەرەرمان کردووە لە ڕاستیدا بەبێ ئەوەی قازانجێکمان کردبێت، ئەگەر کورد بە ئاشکرا لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ئەمنیی ئەمریکا بێت، ئایا ئەمریکا دەتوانێت کێشەی مادەی ١٤٠مان بۆ چارەسەر بکات، بەدڵنیاییەوە نەخێر، من لە دانیشتنە سیاسییەکاندا زۆر سەیرم پێدێت کە کورد باس لەو ڕێککەوتننامەی نێوان مالیکیو بوش ناکات، کە لە مانگی ١١ی ٢٠٠٧دا مۆرکراوە کە لە ١٨ بەند پێکدێت، دوو بەند لەو ڕێککەوتنە دژ بە کوردە، یەکەمیان دەڵێت: ئەمریکا پشتگیریی لە عێراق دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی ناوخۆیانو دەرەکی، ئێمە دەکرێت سبەینێ بکرێینە هەڕەشەی ناوخۆیی، ئەگەر بێتو لە خانەقین یان لە قەرەتەپە بەرگریی بکەین. دووەمیان دەڵێت: ئەمریکا پشتگیریی عێراق دەکات لە هەموو ئەو هێزانەی کە لە دەرەوەی یاسادان، کورد دەکرێت هێزێکی دەرەوەی یاسا بێت، لە ڕاستیشدا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا عەرەبەکانی بەغدا ئەو مەفهومەیان بۆ هێزی پێشمەرگە بەکارهێنا کە لەدەوری خانەقینو قەرەتەپە بوون، چونکە ئەوان پێیانوایە دەبێت کورد بگەڕێتەوە، ئەو هێڵەی کە لە ٢٠٠٣/٣/١٩ تێیدا بوو، کەواتە کورد ڕێککەوتنێکی مۆرکردووە کە خۆشی ئاگاداری نییەو گفتوگۆشی لەسەر نەکردووە.

**ڕۆژنامە: هەروەک لە ڕێککەوتننامەکەدا لە بڕگەی ١و ٢ی مادەی ٢٣دا هاتووە دەڵێت: عێراق بۆی هەیە ڕێککەوتننامەی ئەمنیو سەربازیی لەگەڵ هەر وڵاتێکدا بیەوێت ببەستێت، بە بڕوای ئێوە لە پاشەڕۆژدا دەسەڵاتی بەغدا هەرکاتێک بیەوێت سوود لەو مادەیە وەرناگرێت دژ بە کورد بەکاری بهێنێت؟**

* دەبێت ئەو مادەیە وادانرێت کە لە پاشەڕۆژدا دژی هیچ لایەنێکی سیاسی یان نەتەوەیی بەکارنەهێنرێت، ئەگەر عێراق ویستی ڕێککەوتنێک لەگەڵ تورکیادا بکات، بەڵام زەرەری بۆ میللەتی کورد دەبێت، نابێت بیکات، یان ئەگەر لەگەڵ ئێراندا کردی، بەڵام ئێران دژایەتی هەیە لەگەڵ سوننەی عێراقی، ئەوکات نابێت ئەو ڕێککەوتنە هیچ زەرەرێکی بۆ ئەوان نابێت، با بکرێت ئاساییە، ئێمە پێویستمان بەم ڕوونکردنەوانە هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقی، ئەوەش کاری ئەو کوردانەیە کە لەناو حکومەتی عێراقدان، بەڵام بەداخەوە ئەو کوردانە وەک عێراقییەک هەڵسوکەوت دەکەن نەک وەک کوردێک، ئامادەشن ناسنامە کوردییەکە لەبیربکەن لەپێناوی ئەوەی هێناوە، بۆ کورد ئاسان نییە هەم لە ناوەوەیش بێت هەم لە دەرەوەیش بێت، بەومانایەی هەم لە ناوەوە دەوڵەتی عێراق دروستبکەیت هەم لە هەرێمیش مەرجی لەسەر فەرز بکەیت، وەکو ئەوەیە زۆرجار کورد بەرەوڕووی کورد دەبێتەوە لە ڕاستیدا، یان ڕووبەڕووی دەوڵەتێک دەبێتەوە کە خۆی بەشداریکرد لە سەرەتاکانی دروستبوونییەوە کە ئێستاش دەیەوێت داوای مافەکانی خۆی لێبکات.

**ڕۆژنامە: زۆر لە دەسەڵاتدارانی عەرەب دەڵێن: بەپێی دەستوور سوپای عێراقی دەتوانێت داخڵی سنووری هەرێمی کوردستانو ناوچە جێناکۆکەکانیش ببێت، ئایا سەرکردایەتیی کورد نەیدەتوانی لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا سنوورێک بۆ سوپای عێراقی دابنێت یان پاسەوانیکردنی هەرێمی کوردستانیان ڕاسپاردبایە بە هێزی پێشمەرگە؟**

* ئێمە دەستوورێکمان قبوڵکرد لە ئۆتۆنۆمی زیاتر نییە کە دەسەڵات دەدات بە هێزی سەربازی لە عێراق لە هەر جێگەیەکدا بیەوێت بڵاوبێتەوە، مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ کە کۆمەڵێک زەماناتی هەبێت، ئەوە نییە لەئارادا، لەناو دەستووردا هیچ زەماناتێک نییە، بەداخەوە ئێستاش هیچ ناکرێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی لە دەستووردا بکەین، چونکە وەک دەڵێت لەناو هەموو بەندێکی یاساییدا کۆمەڵێک شەیتان هەیە، یانی کۆمەڵێک دژایەتی تێدایە، ئەو لایە براوەیە کە حسابی هەموو لایەنەکانی کردبێت کە لەسەر ئەرزی واقیع هەیە، لەبەرئەوەی سیاسەت لەسەر هاوسەنگی هێزە، لەوە دەچێت ئەوەی کە بەدەستیش هاتووە لە یاساش لەدەستمان بچێت، زۆرجار لە دەرەوەی پەرەگرافەکانی یاساو دەستوور هاوسەنگییەکانی هێز خۆیان دەخەڵمێنن، بە بڕوای من کورد بە خۆشبینییەکی بێبنەماوە چووە بەرەوڕووی دامەزراندنەوەی دەوڵەت، لەبەرئەوەی کورد بە حەز عێراقی دامەزراندەوە تا بە سیاسەت، دەڵێن: عێراقی سبەی عێراقی نوێ دەبێت، بەڵام عێراقی نوێ ناتوانێت وەڵامدەرەوەی هەموو پێداویستیو داواکارییەکانی ئێمە بێت، نەشیانهێشت کورد هیچ گرەنتییەکی هەبێت لەناو دەستووردا، ئەوەی کە سەرکردایەتیی کوردیش لە یەکەم ڕۆژەوە دوای نووسینەوەی بە کوردیان ڕاگەیاند، کە لەناو دەستوور مافی چارەی خۆنووسن دانی پێدانراوە، بەڵام ئەوە لە ڕاستیدا گەورەترین ناڕاستگۆیی بوو لە خەڵکی کوردستان کرا، ئەگەر تەواوی دەستووری عێراقی بخوێنیتەوە، لە هیچ مادەیەکی نە بۆ کوردو نە بۆ هیچ لایەنێک مافی چارەی خۆنووسین نەهاتووەو ناویشی نەبراوە، ڕاستتر وابوو سەرکردایەتیی کورد بیوتبایە ئێمە دەستوورێکمان مۆرکرد کە هیچ مافێکی بۆ گەلی کورد تێدانییە، لەبەرئەوەی ئەگەر حکومەتی بەغدا لە هەر مادەیەک پاشگەز ببێتەوە، ئێمە هیچ گرەنتییەکمان پێ نییە لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی میللەت ئاگاداربێت.

**ڕۆژنامە: کورد بۆ لە پڕچەککردنی سوپای عێراقی دەترسێت؟**

* لام سەیرە ئەگەر ئێمە دەستوورێکمان مۆر کردبێت حسابی داهاتووی کردبێت، نەک بە حسابی یەک ساڵو دوو ساڵ، ئەگەر ئەم حسابانەمان کردبێت بە ڕاستی بێمانایە بەرەوڕووی ئەوە ببینەوە ئایا عێراق چ جۆرە فڕۆکەیەک دەکڕێت، یان چۆن سوپاکەی پڕچەک دەکات، من وایدەبینم سەرکردایەتیی کورد پشت گەرم نییە بە هیچ گرەنتییەک، دەستوورێکی مۆرکردووە کە ئەو مافەی ناداتێ کە سبەینێ هاتوو پاشەکشێ بوو لە بەغدا لە پرۆسەی سیاسیدا ئەو پەنایە بەرێت بۆ ئەو مافانەی کە لە دەستوورەکەدا هاتووە، لەبەرئەوەی ئەم مافو گرەنتیانە نییە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەرزێکی لەرزۆکو بێبنەما سیاسەت دەکەین بەبێ ئەوەی حسابی داهاتوومان کردبێت، بە بڕوای من عێراقی نوێ تەنها ناونانێکە بۆ بەنجکردنی شەقامی کوردی، ئەمەش ترسناکترین دەرهاوێشتەی پرۆسەی سیاسییە لە دیدی کوردییەوە، ئەگەر لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لەسەر نیگەرانییەکان قسەمان بکردایە، ئەمڕۆ ڕایەکی گشتیی دیکەمان دەبوو لەسەر کێشەکان، بۆیە هەمیشە میللەتی کورد لەو پڕچەککردنەی عێراق بترسێ کە سبەینێ بەرامبەر کورد بەکارنەهێنرێت، وەک ئەوەی سەرکردایەتیی کورد لە بەغدا هیچ سنوورێکیان بۆ ئەم سوپایە دانەناوە.